# سوپاسنامە

## بۆ وەزارەتی مافی مرۆڤ

**هێژا د. مەحەمەد ئیحسان وەزیری مافی مرۆڤ / هەولێر**

وەڵامی دەستبەجێتان بە (ئی. مەیل) و دواتر بە (تەلەفۆن) بۆ ئەو بروسکەیەی کە لە 2004/4/8 دا لە ڕێگەی کوردستان نێتەوە ئاراستەی بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی و بەڕێزتانم کردبوو سەبارەت بە کێشەی ژنێکی کورد کە مەرگ هەڕەشەی لێدەکات و پێویستی بە کۆمەکتانە، خۆشحاڵی کردم. کە نامەیەکی ئەو خانمەشم پێ گەیشت و بە خۆشحاڵییەوە باسی ئەوەی کردووە کە بەڕێزتان بانگهێشتتان کردووە و ئامادەیی خۆتان بۆ یارمەتیدانی دەربڕیووە، بە پێویستم زانی سوپاسی ئەم هەڵوێستەتان بکەم.

لە ڕاستیدا من ئەگەرچی بروسکەشم ئاراستەکردبوون، چاوەڕوانی وەڵام نەبووم و وام دانابوو وەک چەندان بروسکە و نامەی کراوە کە لەبارەی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە ئاراستەی بەرپرسانم کردووە، ئەمیشیان وەڵام نەدرێتەوە. ڕەنگە هەندێ کەس بپرسن ئەی کە دەزانی نامە و داخوازیەکان بۆ بەرپرسان وەڵام نادرێنەوە بۆ دەیانوسی؟ لە ڕابردووشدا پرسیاری لەم جۆرەم ئاراستە کراوە. وەڵامی منیش ئەوە بووە کە من وەک نووسەرێک و خەباتگێرێکی بواری یەکسانی، دادپەروەری و مافی مرۆڤ و ئەوانیش وەک بەرپرس و دەسەڵات، هەر یەکەمان ئەرکی مێژوویی خۆی هەیە. کە من نامەیەکی کراوە لە شێوەی داخوازیدا ئاراستەی ئەوان دەکەم ئەرکی مێژوویی سەرشانی خۆم ڕادەپەڕێنم، کە ئەوانیش وەڵام نادەنەوە لە ئەرکی مێژوویی سەرشانی خۆیان هەڵدێن. بۆیە من ئەگەرچی بەرپرسان وەڵامیش نەدەنەوە لە کاتێکدا کە ئەرکێکی مێژوویی پەیوەست بە گەلەکەم، بە مافی مرۆڤ، بە دیموکراسی، بە کۆمەڵگەی مەدەنی و دادپەروەری بێتە ئاراوە، بە بێ سڵکردن لە وەڵامنەدانەوەی ئەوان داخوازیەکانی خۆمیان بۆ دەنووسم. هەر جارێکیش کە وەڵامیان نەدابێتەوە من وەکو کەموکوڕییەکی گەورە بۆ ئەوان لە قەڵەمم داوە کە لەئەنجامدانی ئەرکی مێژوویی خۆیان دواکەوتوون. باوەڕم وایە کە بەرپرسێک وەڵامی هاوڵاتییەک نەداتەوە بێڕێزی بە هاوڵاتییەکە نەکردووە، بەڵکە ڕێزی بۆ خۆی دانەناوە. بۆیە وەڵامەکەی ئێوە لەم ڕووانەوە بەرز دەنرخێنم:

- کە نەریتی وەلانانی داخوازی هاوڵاتیانتان شکاند و، دەستبەجێ بە تەنگەوەهاتنی خۆتانتان ڕاگەیاند.
- کە ئەرکێکی مێژوویی خۆتان ڕاپەڕاند.
- کە ڕێزتان لە پیشە و ئەرک و ڕۆڵی خۆتان گرت، بەوەی ڕێزتان بۆ داخوازی هاوڵاتییەک دانا.

هیوادام ئەو بەرپرسانەی کە وەڵامی هاوڵاتی نادەنەوە و بە نەریتی لووتبەرزی دەسەڵاتدارانە ڕەفتار لەگەڵ داخوازییەکانی هاوڵاتییدا دەکەن، لە ئێوەوە فێری نەریتی ڕێزگرتن لە هاوڵاتی ببن. فێر ببن کە ڕێزگرتنی هاوڵاتی بەشێکە لە ئەرکی مێژوویی سەرشانی دەسەڵاتداران و ئەوە هاوڵاتییە کە ئەوانی کردووە بە دەسەڵاتدار.

دووبارە سوپاس بۆ وەڵامدانەوەتان بە داخوازییەکەی من کە پەیوەست بوو بە خانمێکەوە کە من هەتا ئەم ساتەش نایناسم و تەنها وەک ئەرکێکی مێژووی سەرشانم دەنگیم بە ئێوە گەیاند. لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا.

مەهاباد قەرەداغی

2004/04/23

سوێد/ ستۆکهۆڵم